# بچوك مانەوە ناكۆكی جەوهەریی هەیە لەگەڵ كۆمۆنیزم

## وتەی ڕێبوار ئەحمەد سكرتێری كۆمیتەی ناوەندی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عیراق  لە كۆنگرەی یەكەمی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی ئێران- حیكمەتیستدا

لەلایەن حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراقو وەفدی رابەری حیزبەوە كە لیرە ئامادەن، بە بۆنەی بەرپاكردنی كۆنگرەی یەكەمی حیزبی حیكمەتیستەوە پیرۆزبایتان لێدەكەمو، هیوای سەركەوتن بۆ كۆنگرە دەخوازم.

هاورێیان! گەلیك مەسەلەمان لەبەردەمدایە، دەربارەی هەلومەرجی ئیستاو مەیدانەكانی كۆمۆنیزمی ئەمرۆ بە گشتیو هەردوو حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عیراقو حیكمەتیست بە تایبەتی، كە جیگای خۆیەتی لە مناسەبەیەكی بەم جۆرەدا قسەی لیبكریت. بەلام من دەمەوی لەم فرسەتەدا فكوس لەسەر چەند خالیك بكەم كە دەكرێ بلێم هەندێك لەو مەسەلانەن كە میشكی منیان داگرتوە لە بارەی جیگاوریگای كۆمۆنیزمی كریكاریو مەهامێك كە لە پێشماندایە. ئەم چەند خالە لە چوارچیوەی سەرنجیكی كورت دەربارەی ئەوەی لە كوێوە هاتوینو چۆن هاتوینو بەرەو كوێ دەبێ برۆین، باس دەكەم.

هاورێیان، دوو سال لەمەوبەر كاتیك حیزبی حیكمەتیستمان پیكهینا، لە موقعیەتو هەلومەرجیكی زۆر سەختو دژواردا بووین. كۆمۆنیزمی كریكاری كە تازە بە لە دەستدانی منصور حكمت گەورەترین زەربەی خواردبوو، دووهەم گەورەترین زەربەی بە دووكەرتبوونی حیزبی كۆمۆنیستی كریكاریی ئیران لیكەوتبوو. پیشتر كۆنگرەی چوارەمی حككا نیشانیدا كە دوای منصور حكمتیش دەكری كۆمۆنیزمی كریكاریو حیزبی منصور حكمت، وەكو هیزیكی سیاسی گەورەو یەكگرتوو و كاریگەرو جیگا ئومید لە كیشمەكیشی سیاسیدا دەوری خۆی بگیرێ. بەلام زۆری نەخایاند بە داسەپاندنی ئینشقاق، ئەو ئومیدە بەبادراو ئەو چاوەروانیو دلخۆشیەی بەم بزووتنەوەیە هەبوو بە تەواوی لاوازبوو، كۆمۆنیزمی كریكاری موقعیەتی بەهیزی خۆی لە دەستدا، بچوك بوەوەو عەلامەتی پرسیاری گەورە كەوتە بەردەمی.

لەو رۆژگارە سەختەدا حیزبی حیكمەتیستو حیزبی كۆمۆنیستی كریكاریی عیراق  ئەركیكی تاریخی گەورەیان كەوتبوە ئەستۆ. ئەركی ئەوەی كە دیسانەوە ئەو حەقیقەتە گەورەیە لە ژیر تەپو تۆز دەربهیننەوەو بە كۆمەلگای بسەلمینن كە دوای لەدەستدانی منصور حكمتو تەنانەت دوای دووكەرتبوونی حیزبی منصور حكمتیش، دیسانەوە كۆمۆنیزمی منصور حكمتو حیكمەتیزم بزووتنەوەیەكی كۆمەلایەتیو حیزبی بەهیزو مەیداندارەو دەتوانی مایەی ئالوگۆرو جیگا ئومیدی گەورەی چینی كریكارو كۆمەلگا بیت.

بەلام بە كردەوە دەرهینانی ئەم قسەیە كاریكی گەلیك سەختو سەنگین بوو، زەحمەتو فیداكاریو تاقەو ماندوبونیكی زۆر گەورەی پیویست بوو. هەلسوڕانو خەباتی لیبراوانەی هەردوو حیزب لە جەرگەی دەورانو هەلومەرجیكی سیاسیو كۆمەلایەتی سەختدا، هەنگاوە گەورەكانی حیزبی حیكمەتیست بۆ پركردنەوەی ئەو بۆشاییەی بە دووكەرتبوونی حككا هاتە كایەوە، هەنگاوی بەرچاوی حیزبی حیكمەتیست بۆ تەبدیل بوون بە میحوەری چەپو كۆمۆنیزمو رادیكالیزم لە ئاستی كۆمەلگای ئیراندا، وەستانەوەی پەیگیرانە بەرامبەر قەومپەرستیو ناسیونالیزمو بزووتنەوە كۆنەپەرستانەكان، هەلكردنی ئالای "منشوری سەرنگونی جمهوری ئیسلامی"، ئیدامەدانەوە بە خەتی فكریو سوننەتی منصور حكمت لە ئاستی سیاسیو عەمەلیو نەزەری لەلایەن رەوتی حیكمەتیزمەوە، هینانە گۆری پرۆژەی گەورەی وەكو پیكیهنانی كۆنگرەی ئازادی عیراقو گاردی ئازادیو گاردی ئەمانو بوونیان بە دیاردەی سیاسی مهم لە ساحەی سیاسیدا، لەلایەن هەردوو حیزبەوە... لەو كارە گەورانە بوون كە ئەو قسەیەیان كرد بە پراتیك.

ئەمرۆ بە هەموو ئەوانەو بە خودی ئەم كۆنگرەیە، دەكرێو دەتوانین بلێین، حیزبو بزووتنەوەی منصور حكمت، وەكو رەوتیكی حیزبی زیندو لە مەیداندایەو دەتوانی دووبارە ئومید بۆ چینی كریكارو كۆمەلگا بگێرێتەوە. بەراستی ئەوە خالیكی زۆر مهمو گەورەیە كە ئەگەر ئەم دوو حیزبە بەو پەیگیریەوە بەرگریان لە خەتی منصور حكمت نەكردایەو بە راوەستاوی خۆیان لەو دەورانە بەرزەخە نەیانپەراندایەتەوە، ئیستا خەتو پرۆژەی منصور حكمت نوینەرایەتی نەدەكراو بەردەوامیی مسۆگەر نەدەبوو. ئیمە تا ئیستا توانیومانە تا ئەم ئاستە بێین و بە قەولی منصور حكمت دەورانیكی تری بەرزەخ تیپەرینینو ئومیدەواری بۆ چینی كریكارو كۆمەلگا بە پرۆژەو كۆمۆنیزمی منصور حكمت ببوژینینەوە. خودی ئەمە زۆر كاریكی گەورەیە. هەر بەم بۆنەیەوە دەمەوی قەدردانی لە هاوری كورشی مودەرسی بكەم كە دەوری بەرجەستەو تایبەتی هەبوو لەم كارەدا.

بەلام خودی ئەوەی كە تا ئیرە هاتوین، لەبەرامبەر ئەركو مەهامیكی گەورەترو قورستردا قەرارمان گرتووە. پرسیاری ئەساسی ئەوەیە كە دوای ئەمە چی؟ 6 سال لەمەوبەر لە مەقتەعی كۆنگرەی سێیەمی حیزبدا، بە وجودی منصور حیكمەتەوە، ئەم حیزبە بریاربوو ببیتە حیزبیكی گەورەو عاملی تەغیریكی سیاسیو كۆمەلایەتی لە ئیراندا، بریاربوو بزووتنەوەی سەرنگونی جمهوری ئیسلامی رابەری بكات، بریاربوو دەسەلاتی سیاسی بەدەست بهینیت.

ئیستا هەموو ئەو ئەركانە بە نەكراویو بە ئەنجام نەدراوی لە بەرامبەر ئیمەدا قەراری گرتووە. بەلام نەك بە هەمان شیوەی پیشوو، نەك لە هەمان هەلومەرجی پیشودا، نەك لە هەمان موقعیەتی ئەوكاتەی كۆمۆنیزمی كارگەریدا. بەلكو هەموو ئەو فاكتۆرانە بە باری قورسبونەوەی كاری ئیمە گۆرانی بەسەر هاتووە. رووداوو ئالوگۆرەكانی ئەم چەند سالە، بە تایبەتی جەنگی كۆنەپەرستانەی ئەمریكا دژی عیراقو داگیركردنی عیراق، جەنگی ئیسرائیل لە دژی خەلكی لوبنان، حاصلی تا ئیستای بەرامبەركێی تیرۆریستی ئەمریكاو ئیسلامی سیاسی، سەرجەم بە باری كرینی عومری زیاتر بۆ جمهوری ئیسلامی كاریگەریان داناوە، خەتەری سیناریۆی رەش گەورەتر بووە، ئەو دەرفەتەی كە منصور حكمت باسی كرد بۆ ئیمە بەرتەسكتربوەتەوە، مەرگی منصور حكمتو دووكەرتبونی حككا دوو زەربەی گەورەیان لە ئیمە داوە.

من لیرەدا نامەوی بێمە سەر ئەوەی كە لە نیو ئەم هەلومەرجەدا بەرەی راستیش دوچاری گیژاوو بوحرانیكی گەورەیە. لە واقعدا سەرباری محدودیاتو گرفتەكانمان ئیمە تاقە هیزیكین كە بەپێی تیژبینی خەتی حیكمەتیزم، ئالوگۆرە گەورەكانی ئەم دواییانەی ناوچەكە دوچاری غافلگیری نەكردوین، لە كاتیكدا ئەوانەی لە هۆلی چاوەروانی شۆرشی مەهدیدا راوەستابوون، یان ئەوانەی ئومیدیان بە سیاسەتی ئەمریكاوە گریدابوو، ئیستا دوچاری سەردەرگومیەكی گەورەن. ئیمەین كە بە رۆشنی كۆسپو ریگریە واقعیەكانی بەردەم خۆمانو بزووتنەوەی سەرنگونیو شۆرشی داهاتوی ئیرانمان بینیوەو بە پیشوازی وەلام پیدانەوەیانەوە چوین.

بەلام ئەو پرسیارە گەورەیەی لە بەرامبەر ئیمە قەراری گرتووە. ئەوەیە كە ئیستا چی دەكەینو چۆن روبەروی ئەم هەلومەرجە سەختەو محدودیاتەكانی خۆمان ببینینەوە، چۆن بە واقعی ببینە عاملی تەغیری ئەم وەزعە لە عیراقو ئیرانو ناوچەكەدا، چۆن لە ئاستی جیهاندا ببینە عاملی دەرهینانی چەپو كۆمۆنیزم لە موقعیەتی زەعیفی ئیستای؟

هاورێیان! بەبروای من وەلامی ئەم مەسەلەیە وەلامیكی عەمەلیە. من یەك زەرە نامەوێ دەوری كاری نەزەری كەم بكەمەوە، دەزانم ئەمەش مەیدانو مەهامیكی گەورەیە لەبەردەم كۆمۆنیزمو حیكمەتیزمی ئەمرۆدا. حیكمەتیزم دەبێ وەكو بزووتنەوەیەكی كۆمەلایەتی، وەكو ڤیرژنیكی تایبەتی لە كۆمۆنیزم، وەكو مەدرەسەیەكی فكری، وەكو سونەتیكی سیاسیو حیزبی دەخالەتگەرو پراتیكیو ئالوگۆربەخش... وەكو ئیدامەی خەتی منصور حكمت، هەویەتێكی رۆشنو هەمەلایەنی پیبدریت. ئەمە كاریكی مهمەو دەبی بكریت. بەلام ئەمەش هیشتا وەلامی پرسیارەكە ناداتەوە. من گرفتی سەرەكی بەوە دەزانم كە بەو هەموو میراتو باسە داهینەرانەی منصور حكمت، تا ئیستا كۆمۆنیزم لە جیگایەكدا نەبوەتە عاملی تەغیریك تا حەقانیەتی لە ئاستیكی كۆمەلایەتیدا بە عەمەلی بسەلمیندرێ.

بەم مانایە من گرنگترین مەیدانو مەهامی کۆمۆنیزم لەمرۆدا بەوە دەزانم کە کاریك بکەین، کۆمۆنیزمیکی قودرەتمەندو عاملی تەغیر بهێنینە مەیدانی نەبەرد لە سەر چارەنوسی کۆمەلگاو دەسەلاتی سیاسی. موشکیلەی ئیمە بە رادەی یەکەم بچوکیو جەماوەری نەبونە لە چاو کارو مەهامیك کە لەبەردەماندا قەراری گرتووە. دەبی چارەسەری ئەم بچوکیو جەماوەری نەبونە بکەین.

من پیم وایە گرفتە گەورەکە ئەوەیە کە کۆمۆنیزمی ئەمرۆ بە ئیمەشەوە، هیشتا خۆی قابلیەتو مەیلی گەورەبونەوەی نیە یان زۆر لاوازە. زەمینەی گەورەبونەوەمان هەیە، زەمینەی دەخالەتی سیاسی زۆر گەورەمان هەیە، کۆمەلگاو بزووتنەوەی ئازادیخوازی کریکارو کۆمەلانی زەحمەتکیش ئامادەیی پێشوازی لە بەدیلی ئیمە هەیە، بەلام ئەوە چەپو کۆمۆنیزمە بە ئیمەشەوە، کە هیشتا لە ژیر کاریگەری سوننەتو تەسەورە غەیرە کۆمەلایەتیەکانی چەپدا، قابلیەتو مەیلی گەورەبوونی نیە. ئیمەین کە نەك هەر کاری پیویست لەسەر ئەوە ناکەین کە هیزی گەورە بەرەو خۆمان راکیشین، ئیمەین کە نەك هەر زۆر کەم دەست بۆ ئەو کارو دەخالەتە عەمەلیانە دەبەین کە کۆمۆنیزم بکاتە عاملی تەغیر لە ژیانی خەلكو کۆمەلگادا، بەلکو تەنانەت هیشتا دەرگاکانمان بەرووی ئەو هیزە کۆمەلایەتیەدا ئاوەلا نەکردوە کە روومان تیدەکەن. بە مانایەکی دیکە دەمەوێ بلیم لە رووهینانی خەلك بۆ لامانو لە گەورەبونەوە دەترسین، بۆیە جۆرەها کوسپو ریگری لەبەردەم گەورەبونەوەی خۆمان سازدەکەین. ئەمە دەردیکی کوشندەی چەپە بە ئیمەشەوە. بە بروای من زۆر مهمە لە پیشدا باوەر بەوە بکەین کە بچوکی لەم سەردەمەدا گەورەترین کیشەی کۆمۆنیزمە، باوەر بکەین کە بچوکی ناکۆکیەکی جەوهەریی هەیە لەگەل کۆمۆنیزمی مارکسو لینینو منصور حکمت، باوەر بکەین بەوەی کە هیزیکی بچوك بەو مانایەی کە نەتوانێ عاملی تغیر بیت، ئیتر بە عەمەلی نوینەرایەتی کۆمۆنیزمی مارکس ناکات، هەرچەندە دروشمو قسەی رادیکالی هەبیت مادام کە پراتیکێکی کۆمەلایەتی ئالوگۆربەخشی رادیکالی نەبیت، هەرچەندە تفسیری مارکسستی دروست بۆ دنیاو رووداوەکان بکات، مادام کە خۆی عاملی گۆران نەبیت، بە قەولی مارکس هەر دەبیتە موفەسیر، لە کاتیکدا مەسەلەی ئەصلی بۆ کۆمۆنیزم گۆرینی دنیایە. ئەمە بەهیزی گەورە دەکریت، ئەگەر گەورە نەبینو ئەمە نەکەین هیچمان بۆ کۆمۆنیزم نەکردوەو نوینەراتی کۆمۆنیزمان نەکردوە.

هاورێیان، ئیمە باسی دروست کردنی حیزبی سیاسی دەکەینو کەسمان وەکو مەقولە لەسەر ئەمە کیشەیەکمان نیە. گرفتەکەش ئەوە نیە کە پیمان ناکریت، بەلکو ئەوەیە کە لەگەل تایبەتمەندێتیو بنەماو میکانیزمو قانونەکانی گرفتی جدیمان هەیە. هیشتا ئەو بۆچونە سایەی زۆرمان لەسەر دەکات کە دەمانەوێ لە دەوری ئایدۆلۆجیو بە پیوانەی ئایدۆلۆجی حیزبی سیاسی دروست بکەین. نەك لە دەوری پلاتفۆرمی سیاسیو پراتیکی سیاسی بۆ گۆرینی وەزع، یان بۆ نمونە لە دەوری منشوری سەرنگونی جمهوری ئیسلامی. بۆیە نە تەنها ناتوانین بەشیکی هەرچی گەورەتر لە بزووتنەوەی هیزی سەرنگونی جمهوری ئیسلامی لە دەوری خۆمانو لە ریزەکانی حیزبدا سازبدەین، بەلکو کاتیك کە ئەوانیش رومان تیبکەن، لەگەلیان دوچاری گرفت دەبین. سونەتیکی بەم جۆرە تەنانەت ناتوانی هیزەکانی خۆی یەکگرتوو راگریت، چونکە بە هەزار حال تا دەبێ بە سەد کەس، لەسەر سادەترین ئیختلاف نەزەر دەبێ بە دوو کەرتەوە، نیوەیان بی ئومید دەبن و دەرۆن، نیوەکەی تریشیان دەبن بە دوو گروپی 25 کەسی. ئەمە کیشەیەکی گەورەیە، ئیمە دەبی بە ئیهتمامیکی زۆرەوە تێی بروانینو دەستو پێی خۆمانو کۆمۆنیزمی لی رزگار بکەین. ئەمە هیچ لیکچونیکی لەگەل کۆمۆنیزمی مارکسو لەگەل اتحادی کۆمۆنیستەکانی مارکسو حیزبی بەلشەفی لنینو حیزبی منصور حکمت نیە. با برۆین تاریخی ئەوانە بخوینینەوە تا ببینین بنەمای اتحادی حیزبیو سیاسیو عەمەلی ئەوان چی بووە؟

ئەمە مەیدانیکی گرنگی بەردەم ئیمەیە کە حیزب گەورە بکەینەوە، وەکو ئەحزابی سیاسی گەورەی دنیا هیزیکی گەورە، قەیدی نیە با بە بۆچونی جۆراوجۆرەوە بیت، لە نیو ئەم حیزبەو لە دەوری ئەم حیزبە کۆبکەینەوەو لە دەوری پلاتفۆرمو قەراری سیاسی بە ئیرادەیەکی یەکگرتوو کاریکی سیاسیو کۆمەلایەتی بکەین.

مەیدانیکی تر ئەوەیە کە ئەم حیزبە بە توانایەکانی ئیستایەوە، بەو تصویرەی لە پیشەوە باسم کرد، مولزەمە بەوەی ئیبتکاراتیکی گەورەی سیاسیو عەمەلی بنوینێ، بە کاری گەورە کۆمەلگا راتەکینێ، بەم جۆرە خۆی فریداتە مەرکەزی سیاسەتو کیشمەکیشی کۆمەلایەتیەوە. تەنها بە کاری رۆتینو تەبلیغو تەرویج ئیمە ناتوانین رووبەرووی مەهامەکانی ئەمرۆی کۆمۆنیزم ببینەوە، ناتوانین نەك چەپو کۆمۆنیزم لە موقعی ئیستا دەربهینین، بەلکو ناتوانین خۆشمان لەم موقعە دەربهینین، ناتوانین کۆمۆنیزمی منصور حکمت لە ئاستی ئومیدیکەوە تا ئاستی بەدیلیکی رزگاری بەخش پەرەپێبدەین.

لە عیراق کۆنگرەی ئازادی عیراقو دامەزراندنی گاردی ئەمان لە دەوری بنکەکانی گەرەك، کە ئیستا بە کردەوە دەستی پێکردوە، ئەو کارە عەزیمەیە کە دەبی بیکەین، ئەمە ئاسۆی تەبدیلبونی کۆمۆنیزم بە هیزیکی ئالوگۆربەخشو ستراتیژی ئیمە بۆ گەیشتن بە دەسەلات رۆشن دەکاتەوە. لە ئیرانیشدا ئیعلام مەوجودیەتی بە کردەوەی گاردی ئازادی لە ئاستی کۆمەلایەتیدا، نمونەیەکی گەورەیە لەو کارەی کە دەتوانی کۆمۆنیزم لە موقعی ئیستای دەربهینیت. بەلام لە پیشدا بردنە پیشی ئەم پرۆژەیە لە اعلامی موجودیەتەوە تا ئاستی ئەو تصویرە بەرزەی دەبی لە گاردی ئازادی ببیت وەکو هیزیك کە پیشتیوانی بەهیزی خەباتی خەلكو بزووتنەوەی سەرنگونی جمهوری ئیسلامی بیت، ئەرکیکی فەوریو مهمە لەبەردەم ئیمە. دوای ئەوە پرسیار ئەوەیە چ کاریکی دیکەی لەم مۆدیلە دەخەینە دەستوری خۆمانەوە؟ تەنها بە گاردی ئازادیو باقی کارە رۆتینیەکانمان ناکریت، ئەگەر تەلەفزیونیشی پی زیاد بکەین هیشتا کافی نیەو ناکریت. ئایا ئەم حیزبە دەچیتە پای بەدەستەوە گرتنو ئەنجامدانی چەند پرۆژەی دیکەی لەم بابەتە، لەوانە بۆ نمونە پیادەکردنی بەکردەوەی تەرحی کۆنترۆلی محەلات، یان شکلدان بە بزووتنەوەو رەوەندیکی واقعیو بەهیز بەرامبەر مەدی سیناریۆی رەش؟ دەچیتە پای ئەو کارانەی کە لە ناوخۆی ئیراندا بیکاتە حیزبیکی رابەرو سازماندەی خەباتی جەماوەری، بۆ ئەوەی سەرئەنجام سەرنگونی جمهوری ئیسلامی بە رابەری حیزبی حیکمەتیستو بزووتنەوەکەی بە ئەنجام بگات؟ بە بروای من ئەمە جهەتگیریەکە کە دەبی ئەم کۆنگرەیە بیچەسپینێو حیزب بخاتە سەر رەوتی کاریکی بەم جۆرە.

هەر ئەمەش مەیدانی ئەصلی نەبەردی ئەمرۆی حیکمەتیزمە هەتا بۆ بوونی بە میحوەری ئەصلی چەپو کۆمۆنیزم لە ئیرانو عیراقو ناوچەکەو جیهاندا. شکلدان بەهیزیکی بەم جۆرە گەورەترین دەوری دەبیت لە بوژانەوەو بەهیزکردنی کۆمونیزم لە ئاستی جیهانیو دەستی پر دەکات بۆ کارکردن لە دەوری پیکهینانی قوتبێکی چەپو مارکسیستی دەخالەتگەر لە ئاستی ئەنتەر ناسیونالیستیدا.